# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 6

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوكراوەیەكی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

16– ی كانوونی یەكەمی 2007


## كیٚ بەرپرسە لە خنكاندنی دەیان پەنابەر ؟

هەفتەی ڕابردو كەشیەک كە **70** پەنابەری تیدا بوو لە توركیاوە بەرەو یونان بەڕیٚ كەوتبوو بەهۆی خراپی كەش وهەواوە كەشتیكە دەكەویتە ژیٚرئاو. دواتر بەهۆی رەشەبای بەهیزی دەریاكەوە ژمارەیەک لە پەنابەران دەكەونە كەنار دەریاو پۆلیسی كۆنترۆلی ناوچەكە لە رووداوەكە ئاگادار دەبیٚتەوەو بەدەم ئەم كارەساتەوە دەچن كەدواترتەنیا **6**كەس لە پەنابەران لەمەرگ رزگار یان دەبیت ونزیكەی **40** كەسیكیشیان لاشەكانیان دەدوزریتەوە .زۆریک لە ئیمە ئاگادارین كە ئەم سالانەی دواى دەریای نیجە بووەتە مەلبەندی گیان كیشانی پەنابەران و سەدان كەسی تیدا بووتە قوربانی . پرسیارەكە ئەوەیە كە ئاخۆ چ بارودۆخیک بوویبیتە هۆی گیان لەدەستدانی بەكۆمەلی ئەم ئینسانانە ؟

سەركوت استبداد كوشتار اعدام وسەنگسار، زیندانی كردن، شەری قەومی وتایفەی وئاینی وداگیركاری و نەبوونی ماف وئازادیە فەردی و مەدنیەكان هۆكاری سەرەكی ئاوارەبوونی ئەم ئینسانانە كە ستەمگەری ودەسەلاتداران بەتایبەت لە وولاتانی خۆرهەلاتی ناوەراست رووبەرووی ئاوارەبوونی میلیونی كردوەتەوە وهاوكات نائەمنی ئابووری هەرەشەیەكی تری بەردەوامە بۆ سەرژیانیانی دانیشتوانی خەلكی ئەو لاوتانەی كە هەژاری ونەبوونی وبیكاری هەرەشە لە ژیانیان دەكات. هەموو ئەم رووداو كارەساتانە لەكاتیكدایە كە وولاتانی بەناو؛ دیموكراتی؛یەوە سەرباری ئەوەی كە خۆیان دەوریكی سەرەكیان لەشەڕوداگیركاری و ئاوارەبوونی ئەم سەدان هەزار ئینسانەدا هەیە بەلام ئەمرۆ تەنانەت مافی كاركردن و بیمەو خزمەتگوزارەیەكان رەوا نابینن. لەپال ئەم واقعە تالەشدا دەبنین كەچۆن یوئینیش شانی خۆی لەهەر جۆرە لیپرسینەوەیە لە ژیان و گوزرەانی ئەم ئینسانانە خالی كردوەتەوە . هەموو ئیمە شاهیدی ئەو راستیەین كە ئەم دۆخە چۆن بووتە هۆی كە ئەمرۆ ژمارەیەكی بەرچاو لە پەنابەران لەم وولاتانەدا دووچاری جۆرەها كیشەی دەرونی و نیگەرانی و یەنابردرنبن بۆ بەكارهینانی موادی بیهۆشكەرو

## خۆپیشاندانی شكۆدارو بەهیٚزی پەنابەرانی كوردو عیراقی لە شاری موینشن دژ بە سیاسەتی ڕاسیستی حكومەتی ئەلمانیا




لەژیٚر دروشمی ( نا بۆ گەڕانەوەو دەركردنی پەنابەرانی عیٚراقی، بەلیٚ بۆ مافی مانەوەو نیشتەجیٚ بوون هەر ئیستا !) ڕۆژی شەممە ڕیٚكەوتی 8.12.2007بەسەرپەرشتی كاروانی دیفاع لەمافەكانی پەنابەران و ڕیٚكخراوی لاوانی بیٚ سنور، فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەبەشداری و پشتیوانی دەیان ڕیٚكخراوو كەسایەتی سیاسی و مافناسی ئەلمانی لەوانە ئەمنیستی ئەنتەرناسیونال لە موینشن، حزبی سەوز ،ڕەوتی چەپەكان ، كۆمەلەی كوردی ئەلٚمانی ئەنجومەنی پەنابەران لە هەریٚمەكانی بایەر، بریمین، هیسن ،هامبۆرگ ،گرووپی دژ بە نادرنەوەی پەنابەران و چەندین ڕیٚكخراو كەسایەتی یدكە ، خۆپیشاندانیٚكی شكۆدارو میٚژووی لە شاری میونشن لە ئەلٚمانیا بەڕیٚخرا . .....D بۆ لایەرە 2

## سەردانی مالٚ پەڕی فیدراسیون بكەن :

www.federasion.org


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

درێژەی ... خۆپیشاندانی شکۆدارو ......

سەرەتای ئەم خۆپیشاندانە بە کۆبوونەوە لەمەیدانی schwantahalerhoher دەستی پێکرد و لەوێدا وتاری رێکخراوەکان سەبارەت بە هۆکاری گرنگی خۆپیشاندانەکە پێشکەشکرا کە بەوتاری کاروانی دیفاع لە مافەکانی پەنابەران دەستیپێکراو لە وێدا باس لە سیاسەتی غیرە ئیسانی حکومەتی ئەلمانیاکرا کەچۆن دەسەلاتدارانی ئەلمانی دەستیان بردوە بۆ سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردوعیراقی لە کاتێکداعیراق وکوردستان ئەمنیەت ئاسایشی تیدا نیەو لەعیراقدا سزای لەسیدارەدان و دووبارە کاری پێدەدرکرێت وکوشتارو کردەوەی تیرۆریستی رۆژانە ئەنجام دەدرێت و دیاریدەی کوشتنی ئافرەتان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندایە . لەم وتارەدا نوێنەری کاروانی دیفاع لە پەنابەران بەناوی سەرجەم ئەو رێکخراوکەسایەتیانەی کەبەشداربیان کردوە لەخۆپیشاندانەکەدا ئەم سیاسەتە غەیر ئینسانیەی حکومەتی ئەلمانیای محکوم کردو خوازیاری دەستەبەجێی راگرتنی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی و بەرەسمیەت ناسینی مافەکانی پەنابەران بوو، پاشان دەشتی جەمال سکرتیر فیدراسیون سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەزمانی کوردی ووتاریکی پیشکەش کردو تیدا باسی لە بارودۆخی سەختی سیاسی عیراق و کوردسان کردو روونیکردەوە کە چۆن سیاسەتی جەنگ ومیتاریستی ئەمەریکاو ولاتانی دەوروبەرو بوونەتە هۆکاری سەرەکی لەئاوارەبون وکۆچکردنی ملیونەها کەس لە خەلکی عیراق وکوردستان. لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەسیاسەتی راسیستی حکومەتەکانی ئەورووپاکرد لە بەرامبەر پەنابەراندا وپاشان باسی لەنەخشی فیدراسیون کرد وەک ریکخراویکی چالاک و رادیکال لەسەنگەری دیفاع لە مافەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی لە مەیداندا دەستبەکارەو دەیان خۆپیشاندان و مارشی نارەزایەتی بە رێخستووە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەی حکومەوتەکان لە ئەوروپا . لە کوتایدا دەشتی جەمال سوپاس و پیزانینی خۆی لەبەرامبەر بە لەبەرامبەر ئەو هەول وتیکۆشانەی ریکخراوە ئەلمانیەکان دەربری ووتی: ئەمرۆ ئیمە بەم خۆپیشاندانە مەزنە وەلامیکی دان شکین دەدەینە بە سیاسەتی راسیستی حکومەتی ئەلمانیا، پاشا ئەم وتارە کەنالەانی تەلەفزیۆنی ARTE چاوپیکەوتنیان لەگەل دەشتی جەمال سازدا .



دواتر خۆپیشاندانەکە لەکاتژمیر 13.45 بەرەو ناوشاری میونشن بەریکەوت، لەرێگادا خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمی (نا بۆ ناردنەوەی پەنابەران، بەلێ، بەلێ بۆ مانەوە)و( ناردنەوە رابگرن، رابگرن ) بەزمانی ئەلمانی دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لەنێو شاردا هێنابوودی، هەرلەکاتی نزیک بوونەوە لە سەنتەری شاردا پەیتاپەیتا پەنابەران پەیوەست دەبون بەخۆپیشاندانەکەوەو راستەوخۆ دروشمە کانیان دەوتەوە وئەمەش هیندەیتر سەرنجی خەلکی ئەلمان وریبوارانی سەرشەقامەکانی بەشێوەیە کێ بەرچاو راکیشا هاوکات لەگەڵ گەشتنە نێو مەرکەزی شاری میونشن عرفان کریم نوینەری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئەلمان بەزمانی عەرەبی و کوردی بانگەوازی پەنابەرانی کرد کەبەبەشداربن لەم خۆپیشادانەو رێزی ئەم نارەزایەتیە بەهێزتربکەن وبێنەمەیدان لەپێناو بەدیهێنانی مافەکنیان، هەروەها رێبەر حەمە سالح هەلسوراوی فیدراسیون لەشاری میونشن بە زمانی ئەلمانی باسی لەهۆکاری خۆپیشاندانەکەو داواکاریەکانی بۆ رێپیوانەکەی بۆ ئامادەبووان روونکردوە بانگەوازی خەلکی ئەلمانیای کرد بۆ پشتیوانیکردن لە خۆاستەکانی پەنابەران، رەوتی خۆپیشاندانەکە بەنێوشاردا بەرەودادگای میونشن کەوتەرێ، لەویداو لەبەردەم ئەو دادگایەدا کە بریاری لەسەر ناردنەوەو دەرکردنی چەندین پەنابەری عیراقی وکورداوە، خۆپیشاندەران بەدووبارەکردنەوەی دروشمەکان.پاش خویندنەوەی چەند وتاریک ژ بەسیاسەتەکانی حکومەتی ئەلمانیا. پاشان خۆپیشاندەران جاریکی دیکە بەناو سەنتەری شاردا بەرەو بەردەم وەزارەتی ناوخۆی هەریمی بایەر لە Odeonplatz کەوتەرێ کە دواجیگای ریپوان وخۆپیشاندنەکەبوو, هاوکات چەند ووتاریک لەلایەن پەنابەران و ریکخراوەکانەوە خویندرایەوە لەوانەوتاری گروپی ئافرەتانی کورد لەشاری میونشن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە زمانی کوردی پیشکەشکراو تیایدا باس لە ژیانی سەختنی ئافرەتانی کورد لە کوردستاندا کراو بە تایبەت لە پەیوەند بە تاوانی کوشتنی ئافرەتانەوە، پاشان پەنابەرای باسی لە بارودۆخی سەختی ژیانی خۆی کرد لە ژیرمەترسی هەرەشەی ناردنەوەو دەکردنداو سوپاسی خۆی بۆریکخراوە ئەلمانیەکان دەربری کەتاوەکو ئیستا رزگاریان کردوە لە مەترسی ناردنەوە . لەکۆتایدا دەشتی جەمال بۆ جاریکی دیکە لە نیو حەماسەتی خوپیشاندانەکەدا ووتاریکی بە زمای ئینگلیزی پیشکەش کردو پێ لەسەر گرنگی دریژەدان بە خەبات و تیکوشان و راوەسانەوە دژ بە سیاسەتەکانی حکومەتەکانی ئەورووپاو بەهیزکردنی بەرەی دژ بە دیپۆرتکردنەوەو ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران ، کەرووبەرووی چەپلەریزان وخۆشحالی بەشدارابوونان بووەوە. پاشان خۆپیشاندانەکە بە ووتاری سوپاس گوزاری کاراوانی دیفاع لە مافەکانی پەنابەرانکوتای هات .

هەر لە ئیوارەی هەمان رۆژدا ریکخراوەی لاوانی بێ سنوور لەئەلمانیا کۆریکیان بۆ دەشتی جەمال ، عرفان کریم بەکر ئەحمە لە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سازدا، ئەم کۆرە کەتایبەت بە بارودۆخی پەنابەران لە ئەورووپاو ئەلمانیا بوو کە بە قسەوباس و گفتوگۆو پرسیاری پەنابەران و نووینەری ریکخراوە ئەلمانیەکان بە ریوە چوو ، نووینەرانی فیدراسیون بەهەر سێ زمانی کوردی ، ئەلمانی، ئینگلیزی وەلامی پرسیارو تیبینییەکانی بەشداربووانیان دایەوەو لایەنە جۆرەبەجۆرەکانی چۆنیەتی بەهیزکردنی خەباتی بزوتنەوەی پەنابەریان بۆ ئامادەبووان روونکردوە.

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەلمان

° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° ° 

دریژەی ... کێ بەرپرسە ... موادی بیهۆشکەرو تەنانەت بیرکردنەوە پەنابردن بۆخۆکوشتن و رزگاربون لەدەست ئەم رۆژگارە سەخت ونائینسانیە. هەربۆیە تەنیا ریگەیەک لەبەردەم ئیمەی پەنابەراندا مابیتەوە بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانیکی ئینسانی بەهیزکردنی ریزی خەباتکارانەمان بۆ بەهرەمەندبوون لە مافەکانی خۆمان .

ئیمە وەک فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەربارێ نیگەرانی وبەشداریمان لەپرسەی قوربانیانی ئەم کارەساتە دەلتەزینەدا هاوکات وولاتانی یوئین و ولاتانی ئەورووپا بەبەرپرس دەزانین لەبەرامبەر بەژیان ومافی پەنابەریان و بەمافی رەوای خۆمانی دازانین کە پێ لەسەر ماف و داواکاریەکانی خۆمان داگیرین ! ریبوار عارف

## راگەیاندنی فیدراسیۆن لە پەیوەند بە رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ)ەوە

کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئەمرۆژانە لەبەردەم بیرەوەریەکی گەورەدایە کە بەمافەکانی مرۆڤ ناسراوە. ئاوردانەوەیەک لە رابردووی ئەم بیرەوەریە، ئیمە دەگەرینیتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر ئەو کات بەشیکی فراوان لەجغرافیای سیاسی جیهان پێ ی لەقۆناغی فیودالیەتدا گیرکردبوو، کە ئەگەر کیشمەکیشەکانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئالۆگۆرەکانی بەتایبەت وولاتانی ئەوروپا لەبەرچاو بگیرێ ئەوا سەرئەنجام بەرەسمیەت ناسینی جارنامەی مافی مرۆڤی بەدوای خۆیدا هینا. کەدیارە بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی مرۆڤایەتی دەسکەوتیکی گەورە بوو. بەلام پاش تیپەربوونی سەدەیەک تەنانەت بۆ بەدەستهینانی هەرزادەیەک لەمافی مرۆڤ ئەو چوارچیوەیەش پاشەکشەی پێ کراوەو ئەمرۆ لە کلاورۆژنەی دووورونزیکی لەخوداو ئاین وقەوم میللەیەت وداب ونەریت و فەرهەنگەوە پیناسە دەکریت و مافی مرۆڤ کراوەتە هەقی پیکەوە ژیانی ئاشتی یانەی دینەتەکان وریز دانان بۆ کۆنەپەرستی وبەرز راگرتنی سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ودابەشکردنی ئینسانەکان بەسەر شعبەی ئاینی وقەومی لەژیر ناوی دیمکراسیدا، وە هەلویستی لەگەل سیاسەتەکانی وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بە تەواوی جووت کردوە. کەدیارە ئەو مافە ئەگەر بەهەرشتیّ ئاشنابیّ ئەوا بە مافەکانی مرۆڤ نامۆیە !

ئەمرۆ دەبینین کەچۆن لەهەزارەی سیهەمدا نائارامی و ناعەدالەتیەکی گەورە تەنگی بەژیانی مرۆڤایەتی هەلچنیووە، بەجۆریک کە تراژیدیاو بێ مافەکانی ئینسان لە جیهانی ئەمرۆدا نەک هەر واقعیەتی ژیانیکی تال دەسەلمینن بەلکو هەست بە فاسیلە و جیاوازیەکی گەورە دەکەین لەنیوان جارنامەی مافی مرۆڤ و بێ مافەیەکانی ژیانی ئەمرۆمان. هەر بۆیە سیمای تاریکی ژیانی مرۆڤایەتی لەم قوناغەی ژیاندا ئەوەمان بۆ دەسەلمینێ کەوا قسەکردن لەمافەکانی مرۆڤ لە کۆمەلگای مۆرڤایەتی ئەمرۆدا دەبێ بەپێ ی ستانداری ژیانی ئەمرۆی مرۆڤایەتی بیت لەهەزارەی سیهەمدا . پەرەسەندنی تراژیدیاو کوشتارگەکانی ئەمرۆ لەسایەی دەسەلاتی حکومەتی ئەمەریکا و نەزمە جیهانیە نۆیّ کەیدا ، بۆ ئەم مەبەستە بێ باکە لەخۆین هەلکیشانی جەستەی ملیونەها ئینسان لەئەفغانستان وعیراق وسۆمال... و هەروەها ناچارکردنی دەیان ملیون ئینسانی تر کە تازە بەشیک لەهەمان ئەو ئینسانانەی کەبەهۆی ئەم شەرو کوشتارو سیناریۆ رەشانەوە ئاوارە بوون ئەگەر بەقیمەتی گیان لەدەستدان هەزاران ئینسانی هاوچارەنووسیان لە دەریاو رووبارەو شاخینەکاندا گەشتبنە یەکیک لە وولاتانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە وولاتانی ئەوروپا ، ئەوا هەر ئەمرۆ دەبینین ودەبیستین کە چۆن دەیان هەزار ئینسانیان لەمافە سەرەتایەکانی کارکردن وخویندن و فیربوون وبارهینان بی بەش دەکرین و دەبینین کە چۆن ئەمرۆ هەزاران ئینسان رۆژگارەکانی هەرەتی لاویەتیان لە گرتووخانەوە زیندانەکانی ئەم وولاتە؛دیموکراتی و ئینسان دۆستانە؛ بەسەردەبەن بە تاوانی خوازیاری مافی پەنابەر بوون و خەبەریک لەمافی مرۆڤ نی یە!

بۆیە ئیمە وەک فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ هەلویستەکردن سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە بە یەکیک لەبنچینەوە پرانسیپ وئامانجەکانی خۆمان دەزانین پیمان وایە لەکاتیکدا کەسەدان ملیون ئینسان هەژاری ،بیکاری، بی جیگا ولانەیە، لە نائەمنی ئابوری سیاسی و گەندەلی وسەرکوت وچەوسانەوەو ئاوارەی وخرافەو دواکەوتووی بەرۆکی پی گرتوون و ریگە بەگەشەسەندنی خەلاقیەت وتوانایەکانیان گیراوە، لەکاتیکدا کە زۆربەی بەشەریەت لە سەروەت وسامانی مادی و معنەوی کۆمەلگا بەکردەوە بی بەشکراوە، ناتوانری خەبەریک لەمافە ئینسانیە کانمان لەگۆربابی، بۆیە پیویستە مافە جیهانگیریەکانی ئینسان سەقامگیربی وبەدەستەوە بگیریت لەسەر بنچینەی ئازادی ویەکسانی واقعی ئینسان بنیادنرابیت بە شیوەیەک کە بتوانی ریزو وحومەرت وبەهای ئینسانیمان بپاریزیت .

سکرتاریتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-12-12

## پەیوەست بن بەمانگرتنی چەن رۆژەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / سویسراو کۆمەلیک ریکخراویتر لە شاری زوریخ

بۆ کۆتایی هینان بە شەپۆلی وەلامی نیگەتیف، بۆ ریگرتن لە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران، بۆ هەلوەشانەوەی بریاری گەراندنەوەی پەنابەران بۆ کەمپە گشتیەکان ولیسەندنەوەی هەموو مافیک بەمافی کاردکردن و هەموو بیمە کۆمەلایەتیەکان . بۆ لینەسەندنەوەی مافی مانەوەی کاتی وسالانە، وە بۆ بەدەستهینانی مافی مانەوە بۆ هەموو . فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەران عیراقی / سویسراو کۆمەلیک ریکخراوی سویسری وپەنابەری ولاتانی تر، رۆژی 19 /2007/12 لەشاری زۆریخ مانگرتنیکی چەن رۆژە دەسپیدەکەن. وە هەر لیرەوە پیویستە ئەوە رابگەیەنین کە کۆمەلیکی زۆر لە پەنابەرانی کوردی عیراق خۆیان ناونوسکردوە بۆ بەشداری لەم مانگرتنە، ئیمە سەرەرای دەستخۆشیمان لە تەواوی ئەو کەسانەی تائیستا بەشدران لە ریگەی ئەم راگەیاندنەشەوە بانگەوازی هەموو پەنابەرانی کوردی کوردستانی عیراق دەکەین بەشداری و پشتیوانەی لەم ماگرتنە بکەن .

چەند خالیکی پیویست : 1- ئەم مانگرتنە نیشاندانی نارەزایەتی ئیمەیە دژ بەبەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و مانگرتن نیە لەخواردن .

2- شوینی خەوو خواردن دابینکراوەو ئەو کەسانەی بەشداری مانگرتنەکە دەکەن ئەگەر لەشاری ترەوە هاتبن خەرجی هاتوچۆیان بۆ دەگەریتەوە. بۆ ئەومەبەستە پیویستە بلیتەکانیان نەفەوتینن .

3- باشترە ئەو کەسانە مانبگرن کە رەفزیان هەیە، ئیقامەی کاتی واتا ئیف یان هەیە، وە یان ئین یان هەیە، بەلام هەموو کەسیک دەتوانی پشتیوانی مانگرتنەکە بکات .

4- مەرج نیە هەموو کەسیک بتوانی هەموو رۆژەکان بمینیتەوە، هەرکەس ئامادەبوو بەشداربیت پیویستە پیمان رابگەیەنی کە چەن رۆژ و کام رۆژ دەتوانی بمینیتەوە .

5- ئەو کەسانەی کە ئامادەن بەشداربن ناوو ژمارە تەلەفون و ناونیشان و کۆپیەکی پیناسەکانیان بە ئیمە بدەن .

6- کاتی دەسپیکردنی شوینی مانگرتنەکە بەهەموو ئەو کەسانەرادەگەیەنری کەبەشداری دەکەن .

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / سویسرا

2007/12 / 13

b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b

**تکایە بۆ خۆناونسکردن یان هەر زانیاریەکی تر پەیوەندی بکەن بە نوینەرانمان لە شارەکان :**

ئەحمەد عەلی : 0788532004    جەمال کۆشش 0787557786

زوریخ / محەمەد عبدلکریم : 0786754781    حیسام عەلی 0764076321

بیرن / شەهاب سالم : 0764950577 سەنگتال / فازل عسمان / 0797266974

خور / ئیسماعیل شیخۆ 0774053523    ناسیح ئەحمەد 0788794566

دانا عسمان 0792670277 توون / کازم قادر 0764927349

ناوشاتیل / جەبار موحەمەد 0786420560    زیوێن ریبوار ئەحمەد 076531458

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com